Revolutionareis Union of Kurdistan

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# ئەگەری دیپۆرتی ژمارەیەك پەناخواز لە تركیەوە بۆ ئێران

بەپێی ئەو هەواڵانەی کە لە کەمپی وانەوە، گەیشتوونەتە لامان، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە لە ڕۆژانی داهاتوودا پۆلیسی ترکیە، ژمارەیەك پەناخوازی کوردی ڕۆژهەلات، بۆ ئێران دیپۆرت بکاتەوە.

ئەگەر بێتوو پۆلیسی ترکیە، تاوانێکی وا بخولقێنێ، جارێکی دیکەش ژمارەیەك ڕۆڵەی ئازایخوازی کورد، دەکەونە بەر مەترسیی زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هەر وەك چۆن لە رابردوودا ڕوویداوی وا ڕوویداوە.

بۆیە داوا لە کۆمیسارییای باڵای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ترکیە و هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکەین لە حاند ئەگەرێکی وادا وریابن و پێشگیری لە ڕوودانی بکەن و ڕێگا لە دوبارە بوونەوەی تەحویلدانەوە و بە گرت و کوشتدانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بگرن.

**نوێنەرایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان**

**لە دەرەوەی وڵات**

١٣٨٣/١/٨

٢٠٠٤/٣/٢٨